ژمارە: ٩ / ٤ / ٧ - ٤١ ڕێکەوت: ٢٧ / ٢٧١٨ کوردی ڕێکەوت: ٢٢ / ٧ / ٢٠١٨ زایینی

# ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٥ )

## بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

## ب/ کرێ ی پشکنین

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٥٢٧٧ لە ٢٠١٧/١٢/٦ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە/ ١٤ ی ساڵی/ ٢٠٠٨ و نووسراومان ژمارە/ ٨٧٢٠ لە ٢٠١٢/٥/١٣ و لە پێناو زیاتر ڕێکخستنی کاروباری باج و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و زیادکردنی داهات بڕیاردرا بە :-

**یەکەم /** زیاد کردنی کرێ ی پشکنینی باجی کۆمپانیاکان لە بڕی (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار دینار بۆ بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار .

**دووەم /** کرێ ی پشکنین لە باجی دەرامەت و کرێ ی لێژنەکانی خەمڵاندن :-

**١- زیاد کردنی کرێ ی پشکنینی پیشە لە بڕی (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار دینار بۆ بڕی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار دینار .**

أ - بۆ سەرۆکی لیژنە بڕی (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار خەرج دەکرێت بۆ هەر پشکنینێك بە مەرجێك لە (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار تێ پەڕ نەکات مانگانە.

ب- بۆ ئەندامانی لیژنە هەریەکە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینارخەرج دەکرێت بۆ هەرپشکنینێك بە مەرجێك لە (١٧٠٠٠٠) سەد و حەفتا هەزار دینار تێ پەڕ نەکات مانگانە.

**٢- فرۆشتنی فۆرمی ڕاپۆرتی باجی دەرامەت بە بڕی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار .**

**سێ یەم /** کرێ ی خەمڵاندن و وردبینی لە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە و کرێ ی لێژنەکانی پشکنین و تانە :-

١- زیادکردنی کرێ ی خەمڵاندن لە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ بڕی (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار .

٢- زیادکردنی کرێ ی ووردبینی لە بڕی (٧٠٠٠) حەوت هەزار دینار بۆ بڕی (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار .

٣- خەرج کردنی کرێ بۆ ئەندامانی لیژنەی خەمڵاندن بۆ هەر ئەندامێك بە بڕی (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار و بۆ ئەندامانی لیژنەی تانە بۆ هەر ئەندامێك بە بڕی (٢٥٠٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار دەبێت مانگانە .

و بڕه پارانەی کە پاش خەرجییەکانی سەرەوە دەمێنێتەوە ڕێژەی (٦٠%) دەبێتە ...ی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم و ڕێژەی (٤٠%) لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان دەبێت بە مەبەستی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم بوارە و بەرەو پێشبردنی ، و بۆ هەر خەرجییەك لەم بوارەدا پێویستە فەرمانی پێ دەربکرێت و لە تەرازووی پێداچوونەوەی مانگانە تۆماربکرێت.

**پێنجەم /** کار بە ڕێنماییمان ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨/ و نووسراومان ژمارە ٨٧٢٠/ لە ٢٠١٢/٥/١٣ نەکرێت .

**شەشەم /** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچووینەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

## وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/بۆ ئاگاداریتان ...لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی / بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بەوەکالەت/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی ڕاوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و پشکنینی دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتمان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەڕین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .

٢٠١٨/٧/١٢ سهام

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤
Email: gd_finance@yahoo.com
Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254